# گوزارەی نەوەی دووەمی کورد لەهەندەران

## موتەرجیمی گەڕەک ..

لەدەیەی کۆچی کوردان بۆ هەندەران سالآنی نەوەتەکان ، دوای وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی لەوگوندانەی بێ ئارەزوومەندی تێیدا نیشتەجێ هەر ماڵ و دوو ماڵ دابەشی سەر گوند و شارێک کرابوون ، وردە وردە دەیان گوازتەوە شارە گەورەکان بەبیانووی هەلی کار دۆزینەوە . لەباڵەخانە بەرزەکانی گەڕەکە پەنابەرنشینەکان کوچک و کەڵەک دەکەوتنە سەریەکتری ، تا ئەوکاتەش هەوای پەیوەندیە کۆمەلآیەتیەکانی کوردستان بەری نەدابوون هەر دەخزانە پاڵ یەک و ئەو ئەویتری ڕادەکێشا ئەوێ . زۆر حەزیان دەکرد ماڵیان لەچەقی شار نزیگ وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەربێ بەشازی شوێنی خۆش و پەسند دەزانرا ! قسەی خۆمان بی درەنگ و بەهێواشی دەگۆڕان ، زمانیان نەدەزانی زۆرگران فێردەبوون ! ئاستەنگیەکان زۆر و پڕبوون لەنامۆیی و غەریبی ، گۆشەگیری پەیوندی ، هەڕەشەی دژە بێگانەییان لەچاوی کارمەندەکانی شارەوانی دەخوێندەوە بەتایبەتییش نەژادپەرست و لووت بەرزەکانی پشت مێزی بڕیارەکان . جاری وا هەبوو کارمەندەکە گرانکاری و بێدادی دەربارە دەکردن بەلآم ئەوان مافی خۆیان پێ وەرنەدەگیرا هەر بەزەردەخەنەی زۆرەملێ و سوپاسگوزاری لای دەهاتنە دەرەوە . کیژۆڵە کوردەی هەندەرانیش بەرەو کردنەوەی ئاگری نەورۆزی نۆیەمی ژیانی دەچوو لەپۆلی دووەمی بنەڕەتی دەیخوێند هاوشانی ئەوان کەوتبووە ژێر ستەمی بارە نائاساییەکەی کۆچ و پەنابەری بەلآم بەم تەمەنە خونچەییەی بێ پارە موتەرجیمێکی بەتوانای زارگۆی زمانە بیانیەکە بوو ! تەنانەت زۆربەی کارمەندانی شارەوانی گەڕەک دەیان ناسی ناوبانگی دەرکردبوو . ئەورۆ کاک کاوێس دەڕۆیی ، سبەی ئامەپورێ ئەهات ، دووەی لالە برایم دڕەفت ، لەملا میمکە مەیاس

تەلەفۆنی دەکرد هەفتانە چەند ڕۆژێکی بۆ تەرجومەکاری تەرخان بوو . وای لێهاتبوو کێشەی هەمووانی دەزانی و شێوازی دیالێکتی هەولێری ، کەرکوکی و سلێمانی دەرخ بوو تەنانەت بۆ کرمانجیە بادینیەکەی حاجی حەمۆی دهۆکی کێشەی هەبوو هەندێ جار لێ ی تێنەدەگەیی پرسی بەباوکی دەکرد ، فێرببوو لەدوای هەموو قسەیەکیش بەدەنگبێژیەکی ڕەوان دەیگۆتەوە : خودێ ژ تە ڕازی بی !


دڵشاد تاقانە



Dlshadtakana@yahoo.com